# بەڕێز مام جەلال نا................!!!!

ئەگەر دەتەوێ دەستی خۆت پیس بکەیت فەرموو ئەو مرۆڤ کوژانە ببینە...ئەگەر دەتەوێت لە دوا عومرت ببیە دۆست و برادەری مرۆڤ کوژان فەرموو لەگەڵ تیرۆریستان دانیشە...ئەگەر دەتەوێ تف و نەعلەت لە شەهیدانی ئەنفاڵ و هەڵەبجە بکەیت ، فەرموو لەگەڵ ئەو مرۆڤ کوژانە کۆببەوە...ئەگەر دەتەوێ کەسوکاری شەهیدانی کۆمەڵ کوژی بەئێسک و جلوبەرگەکانی شەهیدان ڕێگات پێبگرن و تاوانبارت بکەن ، فەرموو پێشوازی ئەو مرۆڤ کوژانە بکە...ئەگەر دەتەوێ لوولەی تفەنگی پێشمەرگەکانت ڕوو بەرووی سینگت ببێتەوە فەرموو ئەو مقاومە مرۆڤ کوژە ببینە و پێشوازیان بکە...مام جەلال کەی ئەوانە {مقاومەن} ...ئایا تۆ هەتا ئەمڕۆ لە کوشتن و بڕین هیچ بەرنامەیەکی سیاسی ئەو مقاوەمانەت دیووە...تکایە زوو پەشیمان ببەوە با لە کوردستان خەڵک بەرد بارانت نەکەن...ئەمانە تەنها مرۆڤ کوژن ئەگەرنا کەی مقاومە ژن و منداڵ و مەدەنی دەکوژی...کەی مقاومە لە مزگەوت خۆی دەتەقێنیتەوە و خەڵکی لە نوێژ دەکوژی...کەی مقاومە لە کەرکوکی خۆت پۆلیس و کورد دەکوژی...ئەوا تۆ لەبەر خاتری ئەو حوسنی موبارەک و عەمرو موسا داوای دانیشتنیان لێدەکەی...ببینە شیعە چۆن دژی بەشداربوونی کۆنە بەعسیانە تۆش دەبێ دژی ئەو بەعسیانە بیت ، چونکە بەعس لە عێراق ناوی حیزبی صدام بوو نەک حیزبی بەعس...کەواتە تۆش دەبێ بزانی بەعس و صدام ئەو عێراقەی تۆ خۆشت دەوێ بەو ڕۆژەی گەیاند...تکایە پەشیمان ببەوە و لەگەڵ ئەو مقاوەمەیە دامەنیشە.

فـەهــد گــردەوانـی 2005/11/20ستۆکهۆڵم